# تەفسیری قورئان و ڕێگاکانی

م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

گومان لەوەدا نییە کە عادەتی خەڵکان وایە کە بەچاکی نازانن کتێبێك بخوێننەوە لە هەر زانستێك لە زانستەکان، وەکو پزیشکی و بیرکاری ..... بەبێ تێگەیشتن لە واتاکەی، جا دەبێت حاڵ چۆن بێت بەرامبەر قورئانی پیرۆز کە پارێزەری مرۆڤایەتییە، وە ڕزگارکەریانە، وە خاڵی شادیە بۆ هەمووان، لەسەر ئەم بنەمایەش هەوڵ دەدەین – ان شاء الله – لەم ژمارەیەدا لەسەر ماناو گەورەیی ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز (التفسیر) بدوێین، هەروەها ئەو ڕێگایانەی دەگرێنە بەر بۆ تەفسیری قورئان.

## تەفسیری قورئان:

واتای تەفسیر: (تەفسیر) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردن و دەرهێنانی واتا دێت، وە هەندێك لە زاناکانی عەرەبی لە پێناسەکەیدا دەڵێن: (دەرهێنان و ئاشکرا کردنی واتای شاراوەو نادیار).

بەڵام (تەفسیر) لە زاراوەی زانایانی شەرعزان بەچەند پێناسەیەك ڕوون کراوەتەوە، لێرەدا تەنها ئاماژە بەیەکێکیان دەکەین، ئەوەش پێناسەکەی ئیمامی (الزرکشی)یە کە دەفەرمووێت (التفسير علم يُفهم به كتاب الله المنزل على نبيه محمد ﷺ، وبيان معانيه، واستخراج أحكامه وحكمه) .

واتە: (تەفسیر) بریتییە لەو زانستەی کە بەهۆیەوە لە قورئانی خودا تێدەگەین، وە واتاکانی پێی ڕوون دەبێتەوە، وە حوکمە شەرعێکانی قورئان و دانایەکانی پێی دەردەهێنرێت .

پاشان ئیمامی (الزرکشی)فەرمووی: (واستمداد ذلك من علم اللغة والنحو

والتصريف، وعلم البيان واصـــول الفقـــه والقراءات، ويحتاج لمعرفة أسباب الـــترول والناسخ والمنسوخ)

واتـــه: زانـــستی (تەفـــسیر) وەرگـــیراوە لەچـــەند زانـــستێکەوە کـــە بـــریتین لـــە زانـــستەکانی زمـــانی عـــەرەبی (واتـــای ووشـــــەکان) و (نحـــــو) و(صـــــەرف) و ڕەوانبێژی و (اصـــول الفقـــه) و زانـستی خوێندنـــەوەکانی قورئـــان .هـــەروەها (تەفـــسیر) پێویـــستی بـــە زانـــستی هۆکارەکانی دابەزینی ئایەتـەکانی هەیـەو بە (ناسخ) و (منسوخ) .

## پێویستی بۆ زانستی (تەفسیر)ی قورئان:

سـەبارەت بـە پێویـستی موسـڵمانان بـۆ زانـستی (تەفـسیر) هەنـدێك لـە زانایـان فەرموویانە: زانراوە کە خوای پەروەردگار گفتوگـۆی کـردووە لەگـەڵ بەنـدەکانی بەوەی کەلێی تێدەگەن، هەر بۆیەش هەر پێغەمبەرێکی ڕەوانە کردبێ ئەوا بە زمانی نەتـەوەو هـۆزی خـۆی ناردوویـەتی، وە کتێبەکەشـی دابەزانـدووە بـۆ سـەر ئـەو پێغەمبـەرە بـە هـەمان زمـان، بـەلاَم پێویستی زۆر هەبوو بۆ( تەفسیر) بـەهۆی

هۆکـاری تایبـەتی خـۆی، ئەمـەش کاتێك لـەو هۆکـارە تێدەگـەین لـە پـاش ڕوون بوونـەوەی بنـەماو یاسـایەکی گـرنگ[1] . یاساکەش بریتییە لەوەی کە هەر کەسێك — لە مرۆڤـەکان — کتێبێـك دابنێـت ئـەوا دایـدەنێت بـۆ ئـەوەی کـە خـەڵکی لـە کتێبەکە تێبگەن بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەو ڕاڤەیەك بۆی، بەلاَم پێویستی دروست بوو بۆ ڕاڤەکردنی بەهۆی ئەم سێ هۆکارەوە:

### هۆکاری یەکەم:

تەواوی گەورەیی دانەر یان کتێبی دانراو، چـونکە لەبـەر ئـەوەی هێزێکـی زانـستی گەورەی هەیە هـەر بۆیـەش مانـای ووردو بـەهێز لـە خۆدەگرێـت لـە چـەند ووشـەو ڕسـتەیەکی کـورت و بـەهێز، جـا جـاری واهەیـە گەیـشتن بـە مەبەسـت زەحمـەت دەبێـت، بۆیـە مەبەسـت بـە ڕاڤـەکردنی دەرکـــەوتنی ئـــەو مانـــا شـــاراوانەیە، لێرەوەیش ڕاڤەکردنی هەندێك لە دانـەران بـــۆ نوســـراوەکانیان جـــوانترو چـــاکتر مەبەسـت دەگەیـەنێت وەك لـە ڕاڤـەی کەسانی دیکە .

---

(١) (ئەمـە بنەمایـەکی گـشتییە بـۆ پێویـستی روون کردنەوەی کتێب).

**هۆکاری دووەم:**

باس نەکردنی هەندێك لـە تەواوکـەرەکانی باسەکە، یان هەندێك لە مەرجـەکانی، بـە پـشت بەسـتن بـە ڕوونـی ئـەو تەواوکـەرو مەرجانــە، یــان ئــەوەتا ئــەو تەواوکــەرو مەرجانـە پەیوەنـدی بـە زانـستی تـرەوە هەیـــە، بۆیـــە ڕاڤـــەکار پێویـــستی بـــە ڕوونکردنەوەی شتی باس نەکراوەو ڕوون کردنەوەی پلەکانێتی .

**هۆکاری سێیەم:**

جـاری واهەیـە ووشـەکە (یـان ڕسـتەکە) چـەند واتایـەکی جیـاواز لـە خۆدەگرێـت، هــەروەکو لــە ووشــەی جــۆری هاوبــەش (المــشترك)[٢] دا هەیــە، بۆیــە ڕاڤــەکار پێویـستی بـە ڕوونکردنـەوەی مەبەسـتی واتایی دانەرە لەو جۆرە ووشەو ڕستانە . یان بۆی هەیە ئەو کتێبـە کـە دانـراوە بـە دوور نەبێت لە هەڵەو (سـەهوو)ی مرۆڤـ، یان لە دووبارە بوونەوەی ناپێویست، یان باس نەکردنی خاڵی نەزانراو نەناسراو ... جالەم کاتانەو — هاوشێوەکەی — ڕاڤەکار پێویستی بە ڕوونکردنـەوەی هـەموو ئـەم شتانەیە .

جا گەر لەم بنەما گرنگە تێگەیشتین ئـەوا دەبێــت بــزانین کــە قورئــانی پــیرۆز دابەزێنراوە بە زمانی عەرەبی پـاراو(دوور لــە هــەموو کــەمو کــوڕی ووشەســازیو واتایی) لـە سـەردەمێك کـە عـەرەبی ئـەو سـەردەمە بـەپاراوترین عـەرەبی هـەژمار دەکرێـت، بەباشـی حوکمـەکانی قورئـانو واتە ڕواڵەتەکانی (المعاني الظاهرة) لێی تـێ دەگەیشتن، بەڵام واتای ووردو نـاوەڕۆکی (المعاني الخفيـة والباطنـة) ئـەوا لێـی تـێ دەگەیشتن و بۆیـان دەردەکـەوت لـەپاش لێکۆڵینــەوەو تێــڕوانین، ئەمــە ســەرەڕای پرســیارکردنیان — لەبارەیــەوە — لــە پێغەمبەرﷺ لە زۆربەی کاتدا .

بۆ نموونـە کاتێـك ووتـەی خـودا دابـەزی: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ (الأنعام:٨٢) هاوەڵان ﷺ واتای (ظلم) یـان لـێ تێکـەڵ بوو سـەریان سـووڕما، بۆیـە فـەرموویان، ئـەی پێغەمبـەری خـودا ﷺکـام لەئێمـە

---

(٢) (المشترك: ئەو ووشەیەیە کە بە ڕواڵەت یەکـە، بـەڵام چەند مانایەکی جیاواز لە خـۆ دەگرێـت، وەکـو ووشـەی (القُرء) کە مانای (حيض)و (طهر) دەگرێتەوە، وە وەکـو ووشـەی (عــين) کـە مانـای(کـانی)، (کوتـاڵ)، (چـاو)، (جاسوس) لە خۆ دەگرێت).

ستەمی لە دەروونی خۆی نەکردووە؟ جا پێغەمبەری خودا ﷺ بۆیانی ڕوون کردەوە بەوەی کە مەبەست بە (ظلم) لە ئایەتەکەدا بریتییە لە (شیرك) بە بەڵگەی ووتەی خودا: ﴿إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ (لقمان: ١٣).

جا نموونەی وا زۆرە کە هاوەڵان پرسیاریان کردووە سەبارەت بەمانای ئایەتەکانی قورئان، خۆ ئەگەر ئەوان پێویستیان بە ڕوون کەرەوەیەك هەبوو بێت ئەوا ئێمەش هەمان پێویستیمان هەیە، سەرەڕای ئەمەش ئێمە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی واتا ڕوواڵەتێکانیش هەیە، لەبەر نەزانیمان بە یاساو بنەماکانی زمانی عەرەبی بەبێ فێربوون و خوێندن بۆی، کەوابوو ئێمە لە هەموو کەس زیاتر پێویستمان بە (تەفسیر)ی قورئانە .زانراوە کە ڕوون کردنەوەی مانای ئایەتەکان هەندێکی بریتییە لە درێژکردنەوەو شیکردنەوەی ووشەو ڕستەی کورت و ئاشکرا کردنی واتاکانی، وە هەندێکی بریتییە لە بەهێزکردن و بە چاك زانینی هەندێك لەماناو ئەگەرەکان بەسەر ئەوانی تردا .

## گەورەیی و پلە بەرزی زانستی تەفسیر:

گەورەیی تەفسیر شاراوە نییە، وە بەیەکێك لە مەزنترین زانستەکانی شەرع دەژمێردرێت، وە بە پیرۆزترین زانست هەژمار دەکرێت .

خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ (ص: ٢٩).

واتە: ئەم قورئانە کتێبێکی دابەزێنراو یۆ سەر تۆ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، وەکتێبێکی بە بەرەکەتە — لە هەموو ڕوویەکەوە — وە بەزێنراوە بۆ ئەوەی بڕواداران ووردبنەوە لە واتاکانی و بۆ ئەوەی خاوەن هزرو هۆشەکان یادی هەموو باشەیەکی پێبکەنەوە .

جا ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لە پێویستی زانینی واتاکانی قورئان هەر کەس بە پێی پێویستی و توانای خۆی .

هەروەها خودا دەفەرموویت: ﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾(البقرە: ٢٦٩).

واتە: خودای گەورە (حیکمەت) دەبەخشێت بەهەر کەسێك کە ویستی لێ

بێت لە بەندەکانی، وە هەر کەسێك خودا (حیکمەت)ی پێ ببەخشێت ئەوا خێرو چاکەیەکی زۆر مەزنی پێ دراوە .

سەبارەت بە واتای (الحكمة) لە هەندێك لە هاوەڵان و شوێن کەوتەکانیان هاتووە کە مەبەست پێی بریتییە لە (تەفسیر) و ڕوون کردنەوەی قورئان و مەبەستەکانی، هەروەکو ئەم مانایە بۆ (الحكمة) گێڕدراوەتەوە لە (ابن عباس) و (ابو درداء) و (مجاهد) و (قتادة) و (ابو العالية)ﷺ .

یەکێك لە زاناکان زۆر بە جوانی لەسەر گرنگی و پێشەنگی (تەفسیر) دەدوێت کاتێك دەفەرمووێت: زانستی (تەفسیر) لە سێ ڕووەوە پێشەنگی و گەورەیی بە دەست هێناوە، لە ڕووی بابەتەکەی (الموضوع)، وە لە ڕووی مەبەستەکەی (الغرض)، وە لە ڕووی پێویستی پێی (الحاجة) .

سەبارەت بە ڕووی بابەت و ناوەڕۆکی (تەفسیر) ئەوا لەبەر ئەوەی کە بابەتەکەی بریتییە لە ووتەی خوای گەورە کە سەرچاوەی هەموو خێرو بەرەکەتێکە .

وە سەبارەت بە مەبەستی (تەفسیر)، ئەوا چونکە لەبەر ئەوەی مەبەست بەم زانستە دەست گرتنە بە ڕێگای ڕاست، وە گەیشتنە بە شادی ڕاستەقینەی نەبڕاوە .

وە سەبارەت بە پێویستی — بەڵکو بە زۆر پێویستی — بە (تەفسیر)، ئەوا لەبەر ئەوەی هەر تەواوییەکی ئایینی یان دنیایی هەبێت ئەوا پێویستی بە زانستە شەرعییەکان هەیە، وە زانستەکانیش ڕاوەستاون لەسەر زانست بە قورئانی پیرۆز .

## ڕێگاکانی تەفسیری قورئان:

مەبەست بە ڕێگاکانی (تەفسیر) لێرەدا واتە: ئەو ڕێگاو (مەنهەج) انەی کە دەگیرێنە بەر بۆ گەیشتن بە واتاکانی قورئان، ئەمەش وەکو (تەفسیر) کردنی قورئان بە قورئان یان بە فەرموودەی پێغەمبەرﷺ یان بە ووتەی هاوەڵانو شوێنکەوتوکانیﷺ، یان ئەوەتا قورئان ڕاڤە بکرێت بە زمانی عەرەبی یان بە بۆچوونی زانایان، وەهەر بنەماو زانستێکی یارمەتیدەر هەبێت ئەوا دەچێتە ژێر ئەم ڕێگایانەوە .

بنەمای ڕاستەقینەش بۆ تەفسیری ڕاست و دروست – بە گشتی – بریتییە لەوەی کە (شیخ الاسلام ابن تیمیە) باسی دەکات کە دەفەرمووێت : (العلم إما نقل مصدق عن معصوم، وإما قول عليه دليل معلوم، وما سوى هذا فإما زيف مردود، وإما موقوف لايعلم أنة بهرج ولامنقود).

واتە: زانستی بە سوودو ڕاستەقینە یان ئەوەتا گێڕدراوەیە کە لەکەسێکی پارێزراو لە ووتەی هەڵە، وەیان ووتەیەکە بەڵگەیەکی ڕاست و زانراوی لەسەرە، وەجگە لەمە ئەوا ئەو زانستە یان ئەوەتا پووچەڵ و قبوڵ نەکراوە، وەیان ڕاوەستێنراوە بە جۆرێك نازاندرێت (وە یان حوکمی لەسەر نادرێت) کە ڕاستە یان ناڕاستە .

لە ووتەکەی (ابن تيمية)دا دەتوانین بڵێین شەش ڕێگای (تەفسیر)ی قورئان دەچنە ژێریەوە، واتەی: تەفسیرکردنی قورئان بەم ڕێگایانە:

١– قورئان .

٢– فەرموودە .

٣– ووتەی هاوەڵان ﷺ .

٤– ووتەی شوێنکەوتەی هاوەڵان ﷺ .

٥– زمانی عەرەبی .

٦– ڕاو بۆچوونی دروست .

ئەوەشی شایەنی باسە کە ڕا و (اجتهادی) زانایانی لە چەند حاڵەتێکدا تێکەڵ دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو ڕێگایانەی پێشوو، واتە: تایبەت نییە تەنها بە ڕێگای شەشەم، چونکە – بۆ نموونە – جاری وا هەیە زانای ڕاڤەکار بۆ قورئان ئایەتێك روون دەکاتەوە بە ئایەتێکی تری قورئان، بەڵام لەگەڵ ووردبوونەوە دەردەکەوێت پەیوەندی نییە لە نێوان ئەو دوو ئایەتە .

لە ژمارەکانی داهاتوودا هەوڵ دەدەین – ان شاء الله – هەرجارێ لەسەر یەکێك لەو ڕێگایانەی سەرەوە بدوێین .

**سەرچاوەکان :**

١. الاتقان في علوم القران .
٢. مباحث في علوم القران .
٣. قواعد التفسير جمعا و دراسة .
٤. شرح اصول في التفسير .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.